مونا قەهوەچی: یەکێتی داوای هەڵوەشاندنەوەی 11 کورسی پێکهاتەکانی نەکردوە

مونا قەهوەچی رایگەیاند، ئەو لایەنەی لەبارەی کورسی کۆتاکانەوە لە دادگای فیدڕاڵی سکاڵایکردبو، داوای هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکانی نەکردبو، بەڵکو داوای کردوە ئەو کورسیانە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا دابەش بکرێن، بەڵام دادگای فیدڕاڵی بە نادەستوری ناساندنی، بەو شێوەیەش دادگاکە پێشێلی ئەو یاسایەی لە دادگەریدا چەسپاوە کە بریتییە لەوەی " سکاڵا لە چوارچێوەی داواکارییەکانیدا سنوردارە ".

مونا قەهوەچی سکرتێری خولی پێشوەی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەنراوێکد بڵاویکردەوە، نەهێشتنی کورسی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵی و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هاتوە، هەروەها ناکۆکە لەگەڵ ماددەکانی 49 و 125ی دەستور.

مونا قەهوەچی ئاماژەی بەوەشکردوە، پابەند نەبونی دادگەی فیدڕاڵی باڵا بە عەریزەی دەعوای داواکار، بەجۆرێك داواکاری ژمارە (83)ی ئاماژەپێکراو، داوای هەڵوەشاندنەوەی یازدە کورسییەکەی (کورسییەکانی کۆتا)ی نەکردوە، بەڵکو داوای دوبارە دابەشکردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی

کردوە بەسەر پارێزگەکانی هەرێم بەگوێرەی پێوەری ژمارەی دانیشتوان.

ئەوەشی خستوەتەڕو، بەڵام دادگای فیدڕاڵی بڕیاریدا، بە نادەستوریی بونی دەستەواژەی (یازدە) لە ماددەی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، ئەمەش لە سکاڵای داواکاردا داوا نەکرابو.

مونا قەهوەچی باسی لەوەشکردوە، بەم پێیەش ئەم بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی دەبێتە پێشێلکردنێکی ڕونی ئەو بنەمایەی لە یاسا و لە دادگەرییدا چەسپاوە کە دەڵێت، سکاڵا لە چوارچێوەی داواکارییەکانیدا سنوردارە، و نابێت حوکم بکرێت بە زیاتر لەوەی داواکار داوای دەکات.